## شنگال: ئالنگاری و خۆڕاگری دە ساڵ دوای جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە عێراق




*دوای نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتاریی مێدیحە، ڕۆژنامەنووسی دانیمارکی، جولی لیندێگارد، گفتوگۆی پانێلی "دوای ١٠ ساڵ چی فێربووین؟" بەڕێوە دەبات.*

**کۆپنهاگن**- دە ساڵ دوای هێرش و دەستبەسەر داگرتنی شنگال لە باکوری عێراق، داعش دەستی بە هەڵمەتی جینۆسایدی دژ بە ئێزیدییەکان کرد، تا ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ڕزگاربووی ئێزیدی ئاوارەن و لە سەرتاسەری کەمپەکانی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی ناجێگیردا دەژین و ترسیان لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵە وێرانبووەکەیان هەیە.

کاریگەرییەکانی زەبر و زەنگی دەروونی جینۆسایدەکە بەردەوامە و درێژەی هەیە، بەتایبەتی کە هێشتا زۆرێک لە ئەندامانی خێزانەکان بێسەروشوێنن.

حەکیمە تەها، ڕزگاربوویەکی ئێزدی لە ڕۆژی سێ شەممە لە ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی شاری کۆبنهاگن لە بەشداریکرنی لە گفتوگۆی پانێلێک کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری ئێزیدی لە دانیمارک لە دەیەم ساڵیادی هێرشەکە ڕێکخرابوو، گوتی: "بۆ من گرنگە تاوانباران بزانن کە بە جینۆسایدەکە هەرچیمان بەسەر هاتبێت، هەرگیز وازناهێنین و ئامادەین کۆمەڵگەکانمان لە داروپەردووەوە دروستبکەینەوە".

نزیکەی ٢٥٠ سەردانکەر بەشدارییان لەم بۆنەی یادکردنەوەیە دا کرد و ئامانجیش لێی بەرزڕاگرتنی یادی قوربانییەکان و ناساندنی خۆڕاگری قوربانییەکان و ڕێکخستنی گفتوگۆیەک بوو سەبارەت بە ئالنگارییەکان و دەرفەتەکانی ئێستای بەردەم کۆمەڵگەی ئێزیدیان. جگە لە نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتاریی "مێدیحە"، بەشداربووان سەردانی پێشانگای "شکاندنی بێدەنگی" کرد کە لەلایەن ڕێکخراوی ناحکومی دانیمارکی میشن ئیستەوە - *Mission East* ڕێکخرابوو، تیایدا تابلۆکانی ژنان و کچانی ڕزگاربووی ئێزیدی نمایشکران.

لە دوای هێرشەکەی ٣ی ئابی ٢٠١٤ەوە، داعش تا ئێستا زیاتر لە پێنج هەزار و ٥٠٠ هاوڵاتی ئێزیدی کوشتووە، کە زیندە بەچاڵکردنی بەکۆمەڵ، بەموسڵمانکردنی زۆرەملێ، ڕفاندن و بەکۆیلەکردن، توندوتیژی سێکسی ڕێکخراو و چەندان کردەوەی قێزەونی دیکەشیان لە دژیان ئەنجامداوە.

بەهزاد موراد، سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری ئێزدیان لە دانیمارک، ئاماژەی بەوە دا "لە ساڵی ٢٠١٤دا نزیکەی شەش هەزار و ٣٠٠ ژن و کچی ئێزیدی ڕفێنراون و کرانە کۆیلەی سێکسی؛ دوای دە ساڵ، زیاتر لە دوو هەزار ژن و پیاو بە ڕفێندراوی و لە دیلیدا ماونەتەوە. تا

یەک ئەندامی کۆمەڵگەی ئێزیدیەکان مابێت و ڕزگارنەکرابێت، ئێمە ناوەستین تا هەموویان ڕزگاردەکەین و بە خێزانەکانیان شاد دەکەینەوە."

جگە لەکۆی زیانە گیانی و قوربانییە مرۆییەکان، داعش ژێرخانی گشتی و خانوو وماڵەکانی شەنگالی وێرانکرد و کەناڵ و بیرەکانی ئاودێری تێکدا و سیستەمی کشتوکاڵی لەناوبرد بۆ ئەوەی ئەو زەویانە بێ کەڵک و بێ سوود و بەرهەم بکات.

لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق لە نزیکەوە لەگەڵ هاوبەش و لایەنە نیشتمانییەکان هەماهەنگیکردووە بۆ پاڵپشتیکردنی کۆمەڵگەی ئێزیدیان، جەختی لەسەر پاڵپشتیکردنی دەستبەجێی ڕزگاربووان بووە، لە هەمان کاتیشدا، ئاسانکاری بۆ چارەسەرێکی درێژخایەنتر-ی کۆمەڵێک لە ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکان کردووە. بۆ نموونە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هاوکاری خێزانی قوربانیانی کردووە لە داواکردنی دادپەروەری و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی قەرەبووکردنەوە و یەکگرتنەوەی خێزان بۆ ئەو ڕزگاربووانەی کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی دەیانگرێتەوە، کە لە ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرکرا بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەهۆی توندوتیژییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە. لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٣دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و لایەنە ناوخۆییەکان یادگەی جینۆسایدی ئێزیدییان لە سۆلاغ-ی شنگال کردەوە بۆ ڕێزلێنان لە گیانی ئەوانەی لە کاتی جینۆسایدەکەدا بوونە قوربانی، هەروەها بۆ دابینکردنی فەزایەک و شوێنێک کە ڕزگاربووان ماتەمینی خۆیان تێدا بگێڕن.

سەرەڕای زەحمەتی بەردەوام، کۆمەڵگەی ئێزیدیان پێکەوە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی زێدی خۆیان دەکەن و دەستکەوتی بەرچاویان لەمبارەیەوە بەدەستهێناوە. بەڵام بۆ گەیشتن بە چارەسەری بەردەوام بۆ ئاوارەبوونی ئەو ئێزیدیانەی کە گەڕاونەتەوە، و ئەوانەی ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن، پێویستی بە بودجە هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەبوونی خانووبەرەی گونجاو و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، لەوانەش: ئاوی پاک، کارەبا، چاودێری تەندروستی، پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتن بە خوێندن.

کارۆلین هێندێرسن، جێگری نێردەی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، تیشکی خستە سەر ئەو هێرشە دڕندانەیەی سەر کۆمەڵگەی ئێزیدی لە باکوری عێراق و گوتی "دوای دە ساڵ، ئێمە پابەندین بە پاڵپشتیکردنی ئێزیدییەکان و کەمینەکانی دیکەی عێراق، جەرگە و چەقی کارەکانی ئێمە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بوژانەوەی جێگیری ئەو کۆمەڵگەیە و هەوڵ و کۆششەکانی داکۆکیکردنمانە لێیان لەسەر ئاستی جیهان."

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەیری ڕاپۆرتەکانی بەرەوپێشچوونەکانی بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان بکەن.

***

*بۆ زانیاری زیاتر، تکایە بفەرموون پەیوەندی بکەن بە:*

ئەلیساندرۆ لیرا، بەرپرسی میدیا و پەیوەندییەکان-ی وڵاتانی باکوری ئەوروپا لە شاری کۆبنهاگن لە دانیمارک، بە ئیمێڵی: **alira@iom.int**، یان لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی: *+45 23 66 76 33*

*دیپیکا ناس، بەرپرسی بەشی میدیا و پەیوەندییەکان لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە شاری هەولێر، عێراق، بە ئیمێڵی:* ***dnath@iom.int*** *یان لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی: +41 76 630 2529*